

# سەرنجی ئەم پرسیارە بدەن ..!

عەبدولواحید محەمەد * ــ هەولێر

جاران ئاسـۆی بیری تاك دوراییەکی کەمتر لە ئێستای پێوەدیار بوو، بە هۆی کەمی پەیوەندی لــە نێوان کۆمەڵگاکان و بڵاونەبونەوەی ئەو تەکنیکانەی کە ئێسـتا جیهانــی بچووك کردۆتەوە، تا ئەو سنورەی گەر مەبەستت بێت دەتوانی بگەیتە زۆر لایەن کە هێشتا شارەزایی تەواو لە بارەیەوە فەراهەم نەبوە، چەند رۆژێك بەر لە ئێسـتا لەگەڵ کۆمەڵە برادەرێك بە یەکەوە ووتوێژمان لەســەر، هەندێك دەزگاو دامەزراوە دەکرد، کەرەنگە کاتی خۆی پارەیەکی زۆری لێخەرجکراوە، بەڵام ئێسـتا وەکو پێویسـت بەهۆی کۆنی ئامێرەکانیان سـوودیان لێوەنابینرێت، یا ئەوەتا بێئاکایی و خەم نەخواردن لێیان بۆتە گرفت، ئیتر ئەوە سـەردێری باسەکەمان بوو، کە چەندین لێکدانەوەو شـیکردنەوەو پرسیاری بەدواداهات، پرسـیارێکیان کە زۆر سەرنجی راکێشام و چەند وێستەگەی گرنگی بەبیردا هێنامەوە ئەوە بوو، بۆچی وەزارەتی پەروەردە بیر لە دامەزراندنی کارگەیەکی پەراو (وەرەقە) دروسـتکردن ناکاتەوە ؟ لەو وێسـتگانەی کە ئەو پرسـیارە بەبیری هێنامەوە، پێمباشە بیوروژێنم‌و بیخەمە بەرچاو ودیدی هەمموو لایەك، ماوەیەك بەر لە ئێسـتا لە رۆژنامەیەکی خۆماڵی بابەتێکم خوێندەوە لەژێر ناوونیشـانی ئەڵمانیەکان لە ریقنەی پەلەوەر کارەبا بەرهەمدەهێنن، ئەمە لە کاتێکدا لەلای ئێمە فرێدەدرێ، لەگەڵ فرێدانیشی بەبێ گومان دیمەنێکی زۆرناشیرن بەرجەستەدەکات، یا ئەوەتا بۆ بەپیتکردنی زەوی وەکو پەیین بەکاردەهێنرێت، قسەی خۆشمانبی لەم دواییە مەرەوانەکان فێربوون وەکو ئالیك دەیدەنە ئاژەڵەکانیان، برادەرێکی تریش کە لە وولاتی ئەڵمانیا نیشـتەجێیە لەکاتی گەرانەویدا بۆ کوردسـتان بۆی گێرامەوەو ووتی: لەو وولاتە هیچ شتیك نیە سوودی لێوەرنەگیرێت، تەنانەت بەرماوی ماڵەکانیش، دەبێ بکرێتە سێ بەشی بە جیا، شوشەوات، ئەلەمنیۆم، پاشماوەی خۆراك. دیارە بۆ هەڵگرتنەوەو بردنیشی بۆ جێی مەبەست کە جارێکی تر بەرهەمبکرێتەوەو سوودی لێوەربگیرێت، سێ تیمی جیاواز هەن هەر یەکە بەپێی تایبەتمەندی کارەکانیان ئەنجامدەدەن، بە داخەوە لێرە نەك سوودی لێوەرناگیرێ، بگرە بە جۆرێکی ئەوتۆ کۆدەکرێتەوەو فرێدەدرێ دەبێتە هۆی پیسـبوونی ژینگە و هەروەها دیمەنێکی نەخوازراو بە شـارەکان دەبەخشـێ، لە سـەردانێکی چەند رۆژەشماندا، بۆ وولاتی کۆریای باشـوور دیارە ئەو سـەرو ئەو سەری شارەکانت بکردایە هیچ پیسـی و پاشماوەیێکت بەدینەدەکرد، بۆ خۆشیان لە گوتنەوەی وانەکان، جەختیان دەکردەوە کە سـوود لە هەمموو شـتێك وەردەگرن، تەنانەت لەو پەرە کلینکسـانەش پاش بەکارهێنانیان بۆ جێی تایبەت فرێ دەدرێن، ئەم برگەو بابەتانەی لە سـەرەوە باسمکرد بۆ ئەوەبوو لەلایەك پشـتگیری ئەو برادەرە بکەم، لەلایەکی تر کە زانست و زانیاری ئەوەندە پیشـڤەچووە بۆ ئێمەش سـوودی لێوەرنەگرین، تاکو کەی چاومان لە دەسـتی ئەم‌و ئەو بێت، لێرەدا بەپێویسـتی دەزانم بگەرێینەوە پرسـیارەکەی ئەو برادەرە، دیارە هەر بۆ خۆشـی قسەو باسـی لەو بارەیەوە گەڵاڵە کردبوو، وەکو بنەمایەك بۆ بیرۆکەی دامەزراندنی کارگەی پەراو دروستکردن، لە درێژەی وتەکانی وتی دڵنیام ساڵانە حکومەتی هەرێم بە ملیۆنان دۆلار بۆ کرینی پەراوگە بۆ سەرجەم دام و دەزگاکان خەرجدەکات، هەروەها وەزارەتی پەروەردەش بۆ لە چاپدانی پەرتووکەکانی، ئەمە لە کاتێکدا بە پێی بیرو بۆچوونی هەندێك لە کارشناسان بـەو بـرە پارەیە، بگرە کەمتریش دەکرێ کارگەیەك دابمەزرێندرێت کە پێداویسـتی وڵاتەکەمان لەو پێویسـتیانە دابینبکات، لە راسـتیدا دامەزراندنی ئەو جۆرە کارگەیە لە چەندین لاوە قازانجی لێدەکەوێتەوە،

١ - دامەزراندنی کارگەیەکی وا گەورە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری دەستی کار هەیە کاری تێدابکات، بێگومان دەبێتە هۆی بەکاربردنی ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی بێکارن لە دامودەزگاکانی دەوڵەت کە ئێستا بەدەست زۆری فەرمانبەری بێ ئیش دەناڵێنن .

٢ - دیـارە سـاڵانە بـە سـەدان تەن پەراوگـە و پەرتوکی خوێندنگاکان بـێ کەڵك دەبـن و فرێدەدرێن یان لە شـتی زۆر بێ کەڵك بەکاردەهێنرێت یا ئەوەتا بەنرخێکی زۆر هەرزان بە وڵاتانی دەوروبەر دەفرۆشـرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا بۆ خۆی لە سـەرەتادا و بە نوێتی بە پارەیەکی زۆر کردراوە .

٣ - ئـەو بـرە زۆرەی پارە کە سـاڵانە تەرخاندەکرێت بۆ کرینی ئەو پێداویسـتییانە، دەتوانین لە بوارێکـی تری بەرهەمهێنان خەرجبکرێت، کە خزمەتێکی گەورە بەژێرخانی ئابوری وولاتەکەمان بکات.

٤ - کۆمەڵانی خەڵکیش ئەو باوەرەیان لا دروسـت دەبێت کە وولاتەکەمان ووردە ووردە خەریکە دەکەوێتە سـەر شـارێگەی خۆی و لە قەتیسماوی تێدەپەرێت، لەبەرامبەردا هەر تاکێك تەکاندەدات‌و خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت و کار بەو ئاراستەیە دەکات.

ئەوەی راستیبێت ئەو پرسیارەو ئەو شرۆڤەکردنە، نەك لەلای ئەوبرادەرە بگرە لەلایەن زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگاکەمان دەوروژێنـرێ، هەمولایەکیـش لە چاوەروانـی ئەوەدان حکومەتـی هەرێـم و دامودەزگاکانی بە پلانێکی زانسـتیانەو نەخشـەیەکی هەمەلایەن نەك کارگەیەکی پەراو دروسـتکردن، لە پاڵ ئەوەدا چەندین کارگە دابمەزرێنێ بۆ ئەوەی لە وولاتێکی مشەخۆری بێبەرهەم ببینە وولاتێکی خۆژێن و پر لە خێرو بێر.

⋆ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی